کۆمسیۆن: دەنگدانی تایبەت لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەدەچێت

ئەمڕۆ یەکشەممە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن ڕایگەیاند: دەنگدانی تایبەت لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و نێودەوڵەتی و ڕووماڵی میدیایی بەڕێوەدەچێت.

وتەبێژی کۆمسیۆن جومانە غەلای ڕاگەیاند: کۆمسیۆن لایەنێك نییە لە دوورخستنەوەی کاندیدەکان، بەڵکو ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن، چونکە بڕیارەکانی پشت بەوە دەبەستن کە لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە دڵنیابوونەوە لە شایستەیی کاندیدەکانەوە پێی دەگات.

وتیشی: زانیارییەکانی کاندیدەکان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دڵنیابوونەوە دەکرێن، لەوانە دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری، دەستەی نەزاهە، وەزارەتەکانی ناوخۆ، بەرگری، پەروەردە و خوێندنی باڵا، جگە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری تاوانکاری، بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، حەشدی شەعبی، پێشمەرگە، دەزگای ئاسایشی نیشتمانی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، ئەنجومەنی باڵای دادوەری، و تەنانەت خودی کۆمسیۆنیش لە حاڵەتی گەیشتنی زانیاری دەربارەی یەکێك لە کاندیدەکان.

غەلای ڕونیشیکردەوە: بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆ دوورخستنەوە لەسەر بنەمای ئەوە دەردەچن کە لەو لایەنانەوە دەگات، و لەوانەیە هۆکاری دوورخستنەوەکە ساختەکردنی بەڵگەنامە بێت، یان گرتنەوە بۆ ڕێکارەکانی لێپرسینەوە و دادپەروەری، یان بوونی تۆماری تاوانکاری، یان بەردەوامبوونی خزمەتی

سەربازی، یان ئەنجامدانی تاوانەکی هەڵبژاردن، یان دەستکاریکردنی بەڵگەنامەکانی کۆمسیۆن یان مامەڵەی نایاسایی بە کارتی بایۆمەترییەوە.

وتەبێژی کۆمسیۆن دەڵێت: پرۆسەی دوورخستنەوە بەردەوام دەبێت تاوەکو پەیوەندی کۆمسیۆن بە کاندیدەوە بەردەوام بێت، و ئەم پەیوەندییە کۆتایی دێت کاتێك دادگای فیدراڵی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن پەسەند دەکات، و وتیشی: بڕیارەکانی دوورخستنەوە مافی تانەلێدانیان هەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە بەڵاوکردنەوەیان لە وێبسایتی فەرمی کۆمسیۆن، و بڕیاری دەستەی دادوەری یەکلاکەرەوە و پابەندکەرە بۆ هەمووان.

لە چوارچێوەیەکی تردا، غەلای ئاشکرایکرد: کۆمسیۆن چارەسەرێکی تەکنیکی نوێی پەسەند کردووە بۆ دڵنیابوون لە پاکی و بێگەردی دەنگدان، لە ڕێگەی بەستنەوەی کامێرایەك بە ئامێری پشکنینی ئەلیکترۆنی بە وێنەگرتنی ڕووی دەنگدەر و پشکنینی بایۆمەترییانە، لە ڕێگەی بەراوردکردنی وێنەکەی لەگەڵ زانیارییە کۆگاکراوەکان لە کارتی بایۆمەتری و سیستمی ئەلیکترۆنیدا، کە ئەمەش بەشداری هەموو دەنگدەران بە شێوازێکی زۆر شەفافانە مسۆگەر دەکات، و وتیشی: پرۆسەی دەنگدانی تایبەت لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و نێودەوڵەتی و ڕووماڵکردنی میدیای ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بەڕێوەدەچێت.